سەرۆک وەزیران داوای بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری و تەواو کردنی پرۆژەکان لە پارێزگاکانی میسان و نەینەوا دەکات

ئەمە شەمە"محەمەد شیاع سودانی" سەرۆکوەزیران، ڕایگەیاند:-کە دەزگاکانی خزمەتگوزاری و جێبەجێکار لە پارێزگاکان تەواوکەری کارەکانی حکومەتن.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکوەزیران، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- ئەمڕۆ شەمە "محەمەد شیاع سودانی" سەرۆکوەزیران،بەجیا پێشوازی لە هەریەک"حەبیب تاهیر فارتوسی پارێزگاری میسان و "عەبدولقادر ئەحمەد دەخیل" پارێزگاری نەینەوا کرد.

دوای ئەوەی"سودانی " پیرۆزبایی بون بە پارێزگاری لێکردن، جەختی لەسەر گرنگی بەرپرسیارێتیان کردەوە لەو ئەرکانەی کە لەسەریانە،و هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی کارکردنی دەزگاکانی جێبەجێکردن و خزمەتگوزارییەکان بە ئەوەی لە ئاستی تموحی هاوڵاتیاندا بێت.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :- سەرۆک وەزیران بە پارێزگارەکانی ڕاگەیاندوە :- کە حکومەت بەرنامەکەی بەپێی ئەو پێداویستی و مەرجانە پڕە پێداوە کە لە هەموو پارێزگاکاندا ئەولەویەتەکانی هاووڵاتیان جێبەجێ دەکات و دەزگای خزمەتگوزاری و جێبەجێکردن لە پارێزگاکان تەواوکەری کارەکانی حکومەتن، و بەشێکی سەرەکین لە تەواوکردنی ئامانج و بەرنامەکانی حکومەت.

بەپێی بەیاننامەکە ، سەرۆک وەزیران جەختیشیکردەوە :- ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی پارێزگای نەینەوا

کە لەکاتی کۆنترۆڵکردنی پارێزگاکە لە دەستی گروپە تیرۆریستییەکاندا تووشی وێرانکارییەکی بەرفراوان بوو، هێروێها گرنگی بەدیهێنانی ئاشتی کۆمەڵایەتی و بەرنامە پاڵپشتیکردن لە گەڕانەوەی ئاوارەکان و دەستبەرکردنی سەقامگیری لە پارێزگاکە کردووەتەوە.

سەرۆک وەزیران هەر لەمیانی پێشوازیکردن لە پارێزگاری میسان پێداچوونەوەی کرد، بە پلانی خزمەتگوزاری و ئەولەویەتەکانی کار لە پارێزگای میسان، و گرنگی بەردەوامبوون لە تەواوکردنی پرۆژە پەسەندکراوەکان بەگوێرەی ئەو پێداویستی و ئەولەویەتە هاستقینەیانەی لە پێداویستییەکانی هاووەاتیان و گەشە پێدان لە کەرتی وەبەرهێنان، بەتایبەتی لە لایەنی خزمەتگوزارییەکاندا، هێروەک جەبەجەکردنی پرۆژەکانی تەڵەکانی ئاوی پاک و تەواوکردنی نەخشەنەکان.